بۆچی لەسەر ڕێگاکان دادەنیشتن؟ خۆتان بە دووربگرن لە دانیشتن لەسەر ڕێگاکان

لە ئەبی تەڵحە زەید کوڕی سەهلەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: دانیشتبووین لە بۆشاییەکی پێش ماڵێکدا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هات ولە لامان وەستا، وفەرمووی: «بۆچی لەسەر ڕێگاکان دادەنیشتن؟ خۆتان بە دووربگرن لە دانیشتن لەسەر ڕێگاکان»، ووتمان: ئێمە دانیشتووین زیان ناگەیەنین بەهەر شێوەیەک بێت، دانیشتووین بۆئەوەی قسە وگفتوگۆ بکەین، فەرمووی: «ئەگەر هەر نەکرا (دانیشتن) مافی ڕێگاوبان بدەن: چاوتان دابگرن (بپارێزن)، و وەڵامی سەلامکردن بدەنەوە، وبە جوانی -ودادپەروەری- قسە بکەن».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەبی تەڵحە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە دانیشتبوون لە بۆشاییەکی پێش ماڵێکدا؛ وباسی کاروباری دونیایی خۆیانیان دەکرد، (پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هات ولە لامان وەستا): واتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهات ونەهی لێکردن لەوەی لەسەر ڕێگاکانی هاتوچۆی خەڵکی دابنیشن. ووتیان: (ئێمە دانیشتووین زیان ناگەیەنین بەهەر شێوەیەک بێت، دانیشتووین بۆئەوەی قسە وگفتوگۆ بکەین): واتا دانیشتنمان لێرەدا بۆ کاری ناشەرعی نییە بەڵکو دانیشتنمان بۆ کردەوەیەکە ڕێگەپێدراوە لە شەریعەتدا ئەویش بریتیە لە قسەکردن سەبارەت بە کاروباری دونیامان. فەرمووی: (ئەگەر هەر نەکرا -دانیشتن- مافی ڕێگاوبان بدەن): واتا ئەگەر نەتانتوانی واز بهێنن لە دانیشتن لەم شوێنانە، ئەوا مافی ڕێگاوبان بدەن، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: (إن أبيتم إلا المجلس فأعطوا الطريق حقه) واتە: (ئەگەر هەر نەتانتوانی ودانیشتن ئەوا مافی ڕێگاوبان بدەن). ولە گێڕانەوەیەکی تردا: (پرسیاریان لێکرد سەبارەت بە مافەکانی ڕێگاوبان)، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (چاوتان دابگرن -بپارێزن-، و وەڵامی سەلامکردن بدەنەوە، وفەرمان بە چاکە بکەن ونەهی لە خراپە بکەن): واتا ئەگەر هەر نەکرا ودانیشتن لەسەر ڕێگاکانی هاتۆچۆی خەڵکی ئەوا دەبێت ئەوەی لەسەرتان واجبە جێبەجێی بکەن، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆکاری ئەم نەهی لێکردنەی بۆیان ڕوونکردەوە ئەویش ئەوەیە ئەگەر مرۆڤ لەسەر ڕێگاوبانەکان دابنیشێت تووشی نەزەرکردن وسەیرکردنی ئافرەتان دەبێت وئەمیش تووشی فیتنەی دەکات، وهەروەها لەوەیە تووشی سنوور تێپەڕاندن بێت لە مافی خوای گەورە ومافی مسوڵمانان وئەگەر مرۆڤ لە ماڵەکەیدا بێت تووشی ئەم فیتنەیە نابێت وسەرقاڵ دەبێت بە کاروباری خۆیەوە، وئەگەر مرۆڤ هەر نەکرا وپێویست بوو دابنیشێت ئەوا پێویستە فەرمان بە چاکە بکات ونەهی لە خراپە بکات وئەگەر واز لەمە بهێنێت سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەی کردووە. ئەگەر دابنیشێت ئەوەی تێدەپەڕێت سەلامی لێدەکات وئەمیش دەبێت وەڵامی بداتەوە؛ چونکە خەڵکی زۆر تێدەپەڕێت ئەمیش بێزار دەبێت وئەگەر وەڵام نەداتەوە گوناهبار دەبێت چونکە وەڵامدانەوەی سەلامکردن واجبە، بۆیە باشتر وایە مرۆڤ خۆی تووشی فیتنە وئەرک وخراپە نەکات وخۆی تووشی شتێک نەکات کە لەوەیە نەتوانێت مافەکەی وەکو خۆی جێبەجێ بکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8896